www.kurdistannet.org
19-3-2003 1:53

# ساڵڕۆژی ژەهرباران کردنی هەڵەبجە

حامید درودی

به درێژایی مێژوو نەتەوەی کورد، برین دەکرێتە لەشی و تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری وماڵوێرانی و ئەنفال دەبێ، بەڵام یەکیان لە هەموویان کاریگەرتر و بەسوێتر بوو، ئەویش کارەساتەکەی ١٦ی ٣ی ١٩٨٨ بوو کە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ شاری هەڵەبجە لە ژەهردا خنکێندرا و لە ماوەی چەند چرکەدا زیاتر لە ٥ هەزار کەس گیانیان لەدەست دا و ژمارەیەکی زۆریش هەتا ژیان بەسەر ببەن دەبێ بەو برینە بەسوێیانەوە بتلێنەوە.

ئەوەی خۆی بە مرۆڤ دۆست بزانێ بە هەر شێوەیەک کە بۆی دەکرێ دەبێ ئەم کردەوە نامرۆڤانە لەقاو بداتەوە و لە جاران هەڵسووڕاوتر لەو خۆپیشاندان و چالاکیەکانەی کە بەم بۆنەوە پێک دێ بەشداری بکا. بەداخەوە ئەوەی کە هەرگیز لە لایەن کوردەکانەوە باسی لێ ناکرێ، تاوانبار بوونی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم کارەساتە دڵتەزێنەدایە. دیارە تاوانباری سەرەکی ئەم کردەوە، حکومەتی بەعسە، بەڵام هۆی سەرەکی و هەل رەخساو بۆ ئەم ئەنجامدانی ئەم کارەساتە، کۆماری ئیسلامی ئێران بوو کە لە سیاسەتی دژ بە کورد دا جیاوازی یەکی نییە. کۆماری ئیسلامی ئێران تەنیا نەبووە هۆی بوردوومان کردنی شاری هەڵەبجە بگرە ئێستاش بە هۆی چەندین تاقمی دەستکردی خۆی، هەموو رۆژێک برینی هەڵەبجە دەکولێنێتەوە و تێدەکۆشێ بە کاری دژی مرۆڤانەی وەک لووتبڕینی ژنان و ئازاردان و خستنە ژێر چادر و پەچەوە، مێژووی پڕ لە شانازی نەتەوەکەمان لە بەرچاو کۆمڵگای نێونەتەییەوە رەش بکات. کاتی خۆشی بۆ دەرمان کردنی پاسدارە بریندارەکانی خۆی کەڵکی لە ناوی هەڵەبجە وەردەگرت و پاسدارەکانی بەناوی خەڵکی هەڵەبجەوە بۆ دەرمانکردن دەناردە وڵاتی سوێد. ئێستاش پاش تێپەڕ بوونی ١٥ ساڵ بە سەر ئەم کارەساتە دا، بە خۆشیەوە نەتەوەکەمان چەند هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە ناوە و بەشێکی وڵاتەکەی رزگار کراوە و هەر ئەو شارەی کە لە ژەهرا خنکابوو، بە کوێری چاوی دوژمنانمان ئێستا ئاوەدانە و کورد بۆ خۆی خاوەنیەتی، بەڵام تەنیا ئەمە بەس نییە و دەبێ نەتەوەی کورد زۆر لەوە زیاتر بۆ یەکگرتوویی ریزەکانی خۆی تێبکۆشێ و پلاتفۆرمێکی دیاری کراوی بۆ سیاسەت و بۆچوونەکانی هەبێ و هەول بدا یەکیەتی و یەکپارچەیی زیاتر لە جاران، باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێ. هەرچەندە ١٥ ساڵ بە سەر رۆژە رەشەکەی ١٦ی مارسی ١٩٨٨دا تێدەپەڕێ، بەڵام بەداخەوە هێشتا کوردەکانی دەرەوە نەیانتوانیوە بە دەنگێکی هاوبەش و پێکەوە ئەم کارەساتە دڵتەزێنە بگەیینە شوێنی شیاوی خۆی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا و هەوڵ بدەن کە دادگایەکی نێونەتەوەیی لە لاهە پێک بێ و تاوانبارانی ئەم کارەساتە بدرێن بەو دادگایە و تاوانباران بە سزای خۆیان بگەن، هەروەها دەبێ داوا بکەین ئەو وڵاتانەی کە یارمەتی حکومەتی عێراقیان بۆ دروست کردنی چەکی کۆمەڵکوژ داوە، بەتایبەت وڵاتی ئاڵمانیا داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکەن و قەرەبووی ئەو زیانەی کە لە نەتەوەکەمان کەوتووە بکەنەوە.

لە سەر ئەم کیمیابارانە گەلێک وتار و هەڵبەست و پەخشان و تەنانەت کتێبیش نووسراوە، هەرچەندە ناکرێ لە وتارێکی ئاوەهادا باسێکی تێر و تەسەل لە هەڵەبجە بکەین، بەڵام هیواداری‌ن کە خەڵکی زانا و هوشیاری کورد لە جاران زیاتر گرنگی بەم رۆژە بدەن و لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە.

یادی ١٥ ساڵەی هەڵەبجەی شەهید قەد نامرێ و هەمیشە وەک ناسۆرێک لە دڵدا دمێنێتەوە. هەروەک پیرەمێرد دەڵێ:

پێی ناوێ بۆ شەهید وەتەن شیوەن و گرین

نامرن ئەوانەی واله دڵی میللەتا ئەژین.

٢٠٠٣/٣/١٨